# نامەیەكی كراوە بۆ حوكومەتەكانی كوردستان (١) و كەمپینەی هەڵەبجەو ئەنفال

ئازاد محمدامین سەلیم

بە پێی هەواڵێك كە لە ڕۆژنامەی "البیان" (٢) دەرچووی یەكشەممە ٢٠٠٣/٠١/١٩ هاتووە كە كۆنە شەڕكەرەكانی كۆنی ئەمریكا كە لە شەڕی كەنداوی دووەم بەشدار بوون لە ئەنجامی بەكارهێنانی عێراق بۆ چەكی كیمیاوی تووشی جۆرە نەخۆشیەكی تایبەت بوون كە لە ژێریەوە دەناڵن. بۆیە لە ڕێگای پارێزەرێك بە ناوی "غاری بێت" داواكاریان دژی ئەم كۆمپانیانە بەرز كردۆتەوە كە یارمەتی عێراقیان داوە بۆ بەرهەم هێناوە چەكی كیمیاوی وە داوای قەرەبوونیان دەكەن (یەك ملیار دۆلار) . وە وا پێدەچێت كە ئەم پارێزەرە لیستی ئەم كۆمپانیانەی دەسكەوتووە كە زۆربەی‌ـــان ئەڵمانین وە لە گەڵ هەندێ وولاتی تریش.

یەكێك لە هۆكارەكان كە تا ئێستا ئەم داواكاریە زۆء بە هەند وەرنەگیراوە ئەوەیە كە بەكارهێنان و كاریگەری چەكی كیمیاوی لە سەر ئەم نەخۆشیە نەسەلمێنراوە، بەڵام هەموومان دەزانین كە كیمیاباران كردنی هەڵەبجە و لە دەستچوونی زیاتر لە ٥ هەزار قوربانی وە پەككەوتنی هەزاران كەس كە تا ئێستاش كاریگوری لە سەر خەڵكان و ژینگە ماوە بە هیچ شێوەیەك جێی گومان نیە ئەمڕۆ هەموو ولاّتانی پێدادەنێن بە تایبەتی كە ئێستا مەسەلەی عێراق لە پێشەوەی مەسەلە هەرە گرینگەكانە.

جابۆیە داواكارم كە ئەو لیژنەو كۆمیتانەی پەیوەندارن بەم مەسەلەیە وە بە پشتگیری و یارمەتی حوكومەتەكانی كوردستان هەوڵ بدرێت پەیوەندی بە پارێزەر "غاری غێت " بكرێت و هەوڵ بدرێت "تنسیق" لەگەڵی بكرێت و وە هەموو لایەنێك هەوڵی بەرەو پێشچوونی ئەم مەسەلەیە بدەن بە تایبەتی ئێمە پێویستیمان بەوە نیە كە بەكارهێنان و كاریگەری چەكی كیمیاوی لە لایەن عێراق بسەلمێنین وە لە لایەكی تر باری گشتی نێودەوڵەتی لە باشترین بارادایە.

هانۆفەر/ئەڵمانیا ٢٠٠٣/٠١/١٩

azadsalim@yahoo. de

---

(١) مەبەستم بەڕێوەبردنی هەولێرو سلێمانی

(٢) بۆ خوێندنەوەی دەقی بابەتەكە بڕوانە البیان

**تێبینی كوردستان نێت:**

مەرج نیە ئەم نووسینە لەگەڵ بیرو بۆ چونی نەتەوایەتیماندا بێت، كە بۆچونی (كوردستان نێت)ە، بەڵام بەهۆی بڕوا بوونمان بە ئازادی دەربڕینەوە، بڵاویدەكەینەوە..... لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتكارانی ئەم ڕێگەیە.

ئەم تێبینیە لە ژێر هەموو نووسیتێكدا دەنووسرێت.......... ١٥-١-٢٠٠٣